عەزیز شاڕوخ:
وەک خەڵکی نەچووم لە مەجلیسان کۆرانی بڵێم و پووڵم بدەنێ.. کۆرانییەکانیشم نوێن، بەڵام لە ڕیزی کۆرانییە ڕەسەنەکاندان.

هەڤپەیڤین: ئازاد عەبدولواحید

(٢ - ٣)

* عەزیز شاڕوخ، یەکێکە لە هونەرمەندە پێشەنگەکانی کورد کە پتر لە (٦٠) ساڵە خەریکی خزمەتکردنی هونەری میللەتەکەیەتی، ئەو هونەرمەندە دەنگخۆشێکی کەم وێنەیە، تا ئەمڕۆکەش کە تەمەنی گەیبوەتە (٨٣) ساڵ، نەك هەر دەنگی نەکەوتووە، بگرە لەسەر هێزی خۆی ماوەتەوە و ئەفسوون و سۆزی خۆی لەدەست نەداوە. باوکی ئەو هونەرمەندە کە عەبدوڵڵای ناوە، دەنگی خۆش بووە، باپیری کە نێوی عەزیزە، دەنگی خۆش بووە، دەتوانم بڵێم خانەوادە و دەوروبەرەکەی هەموویان دەنگخۆش بوون، بەڵام برا گەورەکەی کە دەنگخۆشێکی دەگمەن و سەرنجڕاکێش بووە، شوێنەواری زۆری بەسەر دروستکردنی کەسێتی هونەریی ئەوەوە دیارە، بۆیە لە تەمەنی (١٩) ساڵیدا کە لە مەهاباد بێسیمێکیان داناوە و ماملێ و دەنگخۆشانی دیکەی ئەو شارە گۆرانییان تێدا گوتووە، داوایان لەویش کردووە لەو بێسیمە گۆرانییان لەگەڵ بڵێ، بەڵام ئەو نەچووە، ناچار چوونەتە لای براکەی و داوایان لێ کردووە هانی بدا تا لەو (ئێزگە- بێسیمە) لەگەڵیان گۆرانی بڵێت، ئەویش لەبەر خاتری براکەی ڕازی بووە و چووەتە ئەوێ.

* شاری مەهاباد لە میژووی شکۆداری خۆیدا هەر بە تەنێ مەکۆی خەبات و تێکۆشان و کوردایەتی نەبووە، بگرە لە زۆر بواری دیکەشدا بەخششی هەبووە، لەناویاندا کایەی هونەر و ئەدەبیاتە، کە عەزیز شاڕوخ یەکێکە لە دیارییە جوانەکانی ئەو شارە بۆ کورد و کوردستان. لە دەنگی ئەو هونەرمەندەدا هەست بە چریکەیەکی غەمگین دەکرێ کە لە دەنگ و قوڕگیدا تاساوە، ئەوەش پێوەندی بە غەمە تراژیدییەکانی میللەتێکەوە هەیە کە لەوتەی هەیە کەس گوێی لە نالە و فیغانی نەگرتووە و تێکەڵاوی هونەرە ڕەسەنەکەی بووە، ئەو هونەرەکەی کە لە هەناوییەوە هەڵقوڵاوە، دەیەوێ بەو دەنگە غەمگینە پڕ لە ئەفسوونە ئاسمانییە سەرنجی دنیا بۆ لای ئەو ئێش و ئازارانە ڕابکێشێ و ئێستێکیان پێ بکات.

* ئەو چریکەیەی لە قۆرگی هونەرمەند عەزیز شاڕوخ دێتە دەر، مەگەر پێشتر لە قۆرگی هونەرمەندانی وەك سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی و شێخ نووریی شێخ سالّح و ئەحەی ناسر و حوسێنی مامڵێ، یان دواتر لە قۆرگی تاهیر تۆفیق و محەمەدی مامڵێ و حەمەسالّح دیلان و حەسەن جەزراوی بەدی کرابێ. دەنگی ئەو هونەرمەندە هەر ئەوەش نییە کە چینە دەنگەکەی تینۆری تیژە، واتە دەنگێکی بڵند و بەهێز و بەرز و باریک بووبێ، بگرە دەنگێکی داوودی و فریشتەیی بووە، دەنگی لەو جۆرە دەنگانەیە کە لەوتەی گوێم داوەتێ، ناخی سمیوم و هەستونەستی هەژاندووم، بۆیەش دەنگێکە جێگەی سەرنجە و ڕاتەدگرێ، چونکە سەرباری بڵندیی دەنگەکەی، سۆزێکی گەرموگوڕیشی تێدایە.

* ڕاستە عەزیز شاڕوخ وەک خۆی دەڵێ: من وەك مامۆستایەك لەو هونەرمەندانە دەڕوانم و لەژێر کاریگەری سەید عەلی ئەسغەر و تایەر تۆفیق و دیلان و حەسەن جەزراوی و کێ و کێ دابووم و ئیلهامم لێ وەرگرتوون، بەڵام ئەو قسەیەی هەرگیز بەو مانایە نایەت کە دەنگەکەی کۆپی و لاسایی ئەوان بووبێ، لەبەر ئەوەی ئەو چینە دەنگە تایبەتە کە دەنگێکی بڵند و باریك و تیژە، مۆسیقا بە دووی کەوتووە، ئەو بەدوو مۆسیقا نەکەوتووە، هەر خۆیشی دەڵێ جارێکیان بەبێ موزیك لە مالّەکەی خۆی گۆرانی تۆمار کردووە، تا بیسەلمێنێ دەنگی جوان و پڕ ئەفسوون و بە سۆز، بەبێ مۆسیقاش هەر جوان و خۆشە و گوێی لێ دەگیرێ.

* هونەرمەند عەزیز شاڕوخ قەت گۆرانیگوتنی نەکردووە بە پیشەی سەرەکی خۆی، چونکە وەك هەر هونەرمەندێکی دی نەیتوانیوە بە هونەرەکەی بژی، بۆیە بەردەوام خەریکی کار و کاسبی دیکە بووە بۆ ئەوەی بژێوی خۆی و مالّ و منداڵەکانی دابین بکا، ئەو سەرەتا مامۆستا بووە، بەڵام بەهۆی کۆمەکی شۆڕشی ئەیلوول، سێ ساڵان دەیخەنە زیندانەوە، کە لە زیندان ئازاد دەکرێ، ژیانی زۆر نالەبار بووە، کەس نەبووە هاوکاری بکات، بۆیە هەر لە زیندان لەگەڵ هاوڕێکی دووکانێکیان داناوە، دواتر ڕووی لە کار و کاسبی کردووە، سەرەتا بە یارمەتی چەند کەسێك دوو مانگان لەگەڵ دوو ئەندازیار کاری کردووە، دوایی عەقڵی ئەو کارەی نەگرتووە، بۆیە جگە

عەزیز شاڕوخ - ئازاد عەبدولواحید

لە کاری نالەبار هەر کارێك هاتبێتە پێشی کردوویەتی، بۆ ئەوەی جارێکی دی نەکەوێتەوە ژێر دەستی ئەندازیاری خۆسەپێن، ئەوجارە خۆی زەوی بەکرێ گرتووە و ماوەی سێ ساڵ کاری کشتوکاڵی کردووە، هەرچەندە هەندێ جار کە لافاو هەستاوە و کشتوکاڵەکەی ڕامالّیوە و ڕەنج بە خەسار بووە، بەڵام هەر ئەو کارەی پێ لە منەتی ئەم و ئەو باشتر بووە، پاشان سەید قادری جەعفەری لەلای خۆی ماوەی هەشت ساڵان کردوویەتییە ژمێریار، بۆیە خۆی بەقەرداری چاکەکانی ئەو پیاوە دەزانێ. جارێکی دی ساڵێك بێکار ماوەتەوە و سەرمایەشی نەبووە زەوی بەکرێ بگرێ و خەریکی کشتوکاڵ بێ، بۆیە کاری دەسگیڕی کردووە، دوای ماوەیەک داوای لە ناسیاوێك کردووە دوو ڕادیۆی بداتێ تا لە مەیدانی مەنگوڕان ساغیان بکاتەوە، بە مەرجی ئەوەی مایەکەی بۆ دووکاندارەکە و قازانجەکەشی بۆ خۆی بێ، دوای ماوەیەک مۆڵەت لە خزمێکی خۆی وەردەگرێ ئیزنی بدا لە پێش دووکانەکەی، سەوزە و میوە بفرۆشێ، سێ ساڵیش ئەو کارەی کردووە تا چەند هاوڕێکی بە قەرز پارەیان داوەتێ و تاکسییەکی کۆنی کڕیوە و ژیانی خۆی و مالّ و منداڵی پێ دابین کردووە، دوایی کە کچە گەورەکەی شووی کردووە، ماشێنەکەی بۆ فرۆشتووە، نەختێ پارە و پوولّی بۆ ماوەتەوە و کردوویەتی بە دووکانی (ستریۆ - نەوارفرۆشی).

* ئەم هەموو دەردەسەری و ناخۆشی و نەبوونییە بۆ ئەوەبووە بە سەربەرزی بژی، بەڵام سەختیی و دژواری ژیان

کارێکی وایان نەکردووە هونەرەکەی لەبیر بچێتەوە، لەپاڵ ئەو ئیشە جۆراوجۆرانەی کردوونی، بەردەوام لە خەمی هونەرەکەیدا بووە و خەون و ئاواتی خزمەتی هونەری میللەتەکەی بردووە، بۆیە نزیکەی (٤١٠) گۆرانی تۆمارکراوی هەیە، لەوانە (٥) گۆرانیشی بە فارسی وتووە کە حومەیرا و عەلیرەزا ئیفتیخاری لاساییان کردووەتەوە، هەر زووش خۆی لە لاسایی کردنەوە و دووپاتکردنەوەی گۆرانی و ئاوازی هونەرمەندانی دی بە دوور گرتووە، ئەویش بۆ ئەوەی پێی نەڵێن خەریکی لاسایی کردنەوەیە، ئاهەنگی بۆ خۆی داناوە و بەشێکی زۆری گۆرانییەکانی، شیعر و ئاهەنگی خۆی بوون. لای من شاروخ لە هەر گەنجێکی ئەمڕۆ کە لافی نوێخوازی لە هونەر و گۆرانی لێ دەدا، نوێخوازترە، کە دەمەوێ گوێ لە هونەری ڕەسەن ڕابگرم و هەستونەستی خۆم بە پاکی بهێڵمەوە و شێڵوو نەبێ، گوێ لە عەلی ئەسغەر و شاروخ دەگرم، ئەو هونەرمەندە هەمیشە ئەو هێزەم دەداتێ بتوانم لەناو لێشاوی ئەم هەموو میلۆدی و کلیپە نامۆ و نەشازانە بوەستم کە ڕۆژانە چێژی کوردانە و هەستمان بریندار دەکەن.

* ئەو دەنگ و چریکە فریشتەیی و ئاسمانییەی شاروخ کاریگەری زۆری بەسەر چێژی گشتییەوە هەبووە و هەیە، بێ ڕکابەر هونەرمەندی هەموو نەوەکان بووە، بەتایبەتی نەوەی ئێمە کە لە شەستەکان و حەفتاکان پتر گوێمان لە ڕادیۆ و قەوان دەگرت، لە ماڵی ئێمە کە بەردەوام گوێمان لە ڕادیۆی کرماشان دەگرت، گوێگری بەردەوامی بەرنامەکانی (سروەی بەیان) و (شیعر و مۆسیقا)ی پەروینی موشیر وەزیری و شوکروڵڵا بابان و (کاروانی شیعر و مۆسیقا)ی سەید تاهیری هاشمی بووین، لەبیرمە لە پاش خوێندنەوەی پارچە شیعرێك، سەرگوزشتەیەك، ڕووداوێك، باسێکی کورت، قسەیەکی خۆش، نەقڵ و نەزیلەیەك، پەی دەر پەی گۆرانییەکی جوانی دەنگخۆشێکیان پەخش دەکرد، لە زۆر لەو بەرنامانەدا، یان لە دەرەوەی ئەو بەرنامانە بەدەیان و سەدان جار گوێم لە گۆرانییەکانی عەزیز شاروخ ڕاگرتووە، ئەو موچڕکە و چێژەی ئەوسای منداڵی و مێردمنداڵی و لاویی من تا ئێستاش لەناو هەست و یادەوەریمدا ماون و هەڵگۆڵراون.

* هەر لەوکاتەوە حەزم کردووە لە نزیکەوە ئەو هونەرمەندە ببینم و لە نزیکەوە بناسم، پێش ڕاپەڕین ئەوە خەونێك بوو، دوای ڕاپەڕین و بەدیاریکراوی پاش ساڵی ١٩٩٦ ئەگەر بۆ چارەسەری نەخۆشیش بووبێ، چەند جاری ڕێم کەوتبێتە ئەودیو، لە مەهاباد سەرم لێی داوە، جاری یەکەم لەگەڵ حەمەی حەمە باقی و جارێکی دی لەگەڵ ڕەوانشاد بارزان مەلا خالید کە بە ڕێکەوت لە مەهاباد دیم، پێکەوە چووینە دیدەنی شاروخ و سەردانمان کرد، لە هەموو ئەو جارانەشدا لە نەوارفرۆشییەکەی (ستریۆ) لەگەڵ دۆستان و هاوڕێیان سەرم لێ داوە و قسەمان کردووە و بیروڕامان گۆڕیوەتەوە، تا ساڵی ٢٠١٩ بە نیەتی سازکردنی گفتوگۆیەکی تێروتەسەل لەگەڵ هاوڕێم ناسر وەحیدی لە (بۆکان)ـەوە بەرەو مەهاباد بەڕێ کەوتین، کە گەیشتینە ئەوێ بە یاوەری برامان یووسف فازڵی هاوڕێمان چووینە لای و لە دووکانەکەی خۆی بینیمان کە زۆر لە دووکانەکەی فازڵی دوور نەبوو، کە هەردووکیان لە شەقامی سەلاحەددینی ئەیووبی بوون، ئەو دوای نیوەڕۆیە ٢٠١٧/٦/٨ بوو، توانیم هەرچۆنێك بێ (١) کاتژمێر گفتوگۆی لەگەڵ تۆمار بکەم، بەڵام لەبەر ئەوەی (١) کاتژمێر گفتوگۆ بۆ ڕۆژنامەنووسێکی تەماحکاری وەك من زۆر کەم بوو، ئەو ڕۆژە لەبەر ئەوەی بێتاقەت بوو، دەستم لە گفتوگۆکە هەڵگرت، شەوەکەی کە میوانی کاك مستەفا قازی بووم، سکاڵام کرد کە شاروخ خاتری بڕینی ئەو ڕێگە دوور و درێژەی منی نەگرتووە، بۆیە کاك مستەفای قازی زەنگی بۆ لێ دا و بە تۆنی دەنگێکی پڕ لە گلەیی پێی گوت: ئەوە بۆچی بەپێی پێویست قسەت بۆ ئەو دۆستەی من نەکردووە؟ ئەو لە ڕێگەیەکی دوورەوە هاتووە. یەکسەر پێی گوت من لە خزمەتدام با بێتەوە لام چی دەوێ و چۆنی پێخۆشە و چەندی حەز بکا قسەی بۆ دەکەم، ئەوە بوو لە ڕۆژی ٢٠١٧/٦/١٤ بۆ جاری دووەم چوومەوە لای و ماوەی (١) کاتژمێری دی قسەم لێ وەرگرت، کە هاتمەوە هەولێر و قسەکانیمان خستە سەر کاغەز، هەستم کرد گفتوگۆکەمان هێشتا ماویەتی، چونکە لەلای من زۆر پرسیاری بێ وەڵام مابوون، سەرتان نەیەشێنم تا تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠١٩ دوو جاری دی لەگەڵ ناسر وەحیدی چوومەوە لای و گفتوگۆم لەگەڵ کردەوە، ئەوەی دەیخوێننەوە، بەرهەمی (٣) سەفەری ئەو دیومە، هیوادارم بەشێکی زۆری زانیاری و بیروڕاکانی هونەرمەند (عەزیز شاروخ) م بەدەست هێنابێ.. با پێکەوە ئەو زانیاری و بیروڕایانە بخوێنینەوە.

ڕامان: دیارە ددان بە گەورەیی (ڕەسوولْ گەردی)دا دەنێی؟

عەزیز شاڕوخ: کڕنۆشی بۆ دەبەم، حەیرانەکانی تەعزیم دەکەم.

ڕامان: ئەدی لەگەڵْ خالیقی نێوانت چۆنە؟ بیروڕات لە بارەی هونەرەکەیەوە چییە؟

عەزیز شاڕوخ: وەڵْلاهی خالیقی یەك دوو جارم دیتووە، دەنگێکی خۆش و سەدایەکی زۆر سۆزداری هەیە، بەڵْام مەقامبێژ نییە، شتێك دەڵْێ مەعلووم نییە چییە، وەك شینگێڕی (سەردوولکە) و شتی وا دەڵْێ. مەقامبێژ نییە، بەڵْام تا بڵْێی گۆرانییەکانی خۆشن، جا بۆیە من پێم خۆش نییە باسی کەس بکەم.

ڕامان: ئەو هەندێ لە گۆرانییەکانی زۆر سەختن بۆ گوتن و چڕین، کەم کەس دەتوانن بیانڵْێنەوە، تۆ لەم بارەوە چ دەڵْێی؟

عەزیز شاڕوخ: تەنزیمەکانیشی زۆری موجتەبای میرزادە کردوویەتی، چون بۆخۆی بەڕێوەبەری ڕادیۆی تاران، یان ڕادیۆی سنە بووە، باشترین گرووپی مۆسیقای دەئیختیاردا بووە، ئیستیفادەی چاکی لێ کردوون.

ڕامان: موجتەبای میرزادە هیچ ئاهەنگ و ئاوازێکی بۆ دانەناوی، کۆمەکی پێ نەکردووی؟

عەزیز شاڕوخ: نا، کەس گۆرانی بۆ من دانەناوە، میرزادە هەر مەقامی بۆ لێ داوم، مەقامی «شۆڕشی نائومێدی» ئەو لێی داوە، لە نەواڕێکی دیکەشدا، نەواری «از دست عشق» ئەو تەکنەوازی (تاکژەنی)ی ڤیەلۆنی بۆ کردووم، دەنا هیچ گۆرانییەکی بۆ من دانەناوە.

ڕامان: ئەوە مامڵێ، حەسەن زیرەك، (خالیقی) مان باس کرد، ئەدی پێوەندیت لەگەڵْ ئێزگەی کرماشان چۆن بوو؟ تۆ هیچ گۆرانییەکت لەوێ تۆمار نەکرد؟

عەزیز شاڕوخ: لەگەڵْ ئێزگەی کرماشان پێوەندییەکم نەبووە، گۆرانیم لەوێ تۆمار نەکردووە، بەڵْام کۆنسێرتم لەوێ سازداوە.

ڕامان: ئەدی چوویە تاران، لەوێ گۆرانیت تۆمار کرد؟

عەزیز شاڕوخ: بەڵْێ، پێنج نەوارم لە تاران تۆمار کردووە، «از دست عشق» و «ڕۆناك» و «زەمانە» و «یادوارە» و «ئاوات».

ڕامان: تیپەکەی لەگەڵْت بوو هی ئەو ئێزگەیە بوو؟

عەزیز شاڕوخ: نا، ئازاد بوون.

ڕامان: ئەدی ئەو کاتەی تۆ گۆرانیت لەوێ تۆمار کرد، حەقی ماندووبوون و ژەنیار و گۆرانییەکانیان دەدا؟

عەزیز شاڕوخ: بەڵْێ، بەڵْام شتێکی وا نەبوو.

ڕامان: شتێکی کەم بوو، لای ئێمە لە بەغدایێ وابزانم سێ تا پێنج دینار بووە، چونکە دەڵْێن بۆ (حەسەن زیرەك)یش هەر ئەوەندە بووە، جا نازانم لە پارەوپوولْی لای ئێوە چەند بووە؟

عەزیز شاڕوخ: بەخودای نازانم، لەبیرم نەماوە.

ڕامان: ئەو سالْانەی کە حەسەن زیرەك لەوێ گۆرانی گوتووە، لەگەڵْ زەمانی ئێوە جیاواز بووە؟

عەزیز شاڕوخ: زەمان فەرقی هەیە، ئەلان زەمانێك من تاکسیم هەبوو، پێنجسەد تمەنم پەیدا کردبا وەك شا وا بووم، ئێستا لانی کەم دەبێ هەشتا هەزار تمەن پەیدا بکەی، فەرقی هەیە.

ڕامان: با قسەیەکیش لەوە بکەین، تۆ ژیان و گوزەرانت چۆن بووە؟

عەزیز شاڕوخ: کورت و کرمانجی زیندەگیی من ئەوەیە، لەپێشدا مامۆستای قوتابخانە بووم، پاشان لەسەر شۆڕشی ئەیلوول گیرام، کە پاش سێ سالْان بەر بووم، دە سالْان بێکار بووم، زەمینم بە کرێ گرتووە و کارم لەسەر کردووە. پاش دە سالْان

ئیمتیحانم دا و چوومە وەزارەتی ڕۆشنبیری، شەش ساڵان لەوێ بووم.

ڕامان: ئەی لەو حکومەتە چ کارە بووی؟

عەزیز شارۆخ: ئەو حکوومەتە هات، دیسان دەری کردم، دەنا هەر لەو ماوەیەدا کار و کاسبیم کردووە، مەسەلەن ئەگەر ئەو جارە لەو ڕژێمەیدا دەرکرام، میوەفرۆشیم کردووە، تاکسیم لێخوڕیوە، هاتوچۆی عێراقم کردووە، هاتوچۆی تارانم کردووە، دووکانیشم داناوە، من هەر کاسبیم کردووە، کاری من بەتەنێ گۆرانیگوتن نەبووە، بڵێم لە ڕێگای گۆرانیگوتنەوە زیندەگی دەکەم، مەگەر (هاردانبیل)، بە هەڵکەوت نۆرەمان هاتبێ، کۆنسێرتێك، یان نەواریێك ساز بکەین.

ڕامان: کە ئەو نەوار و گۆرانیانەت تۆمار کردووە، هیچ خێری بۆت نەبووە؟

عەزیز شارۆخ: شتێکی وا نەبووە، من هەر ئامانجم ئەوە بووە کە دەنگم بڵاو بێتەوە.

ڕامان: تۆمارکردنی گۆرانییەکانت، مەسرەف و تێچوونەکەی، بە پارەی کێ بووە؟

عەزیز شارۆخ: بۆ هەموو ئەوانە، خۆیان کردوویانە.

ڕامان: یانی لە پشت ئەو گۆرانیگوتن و نەوازانە هیچ دەستکەوتێکی ماددیت دەست نەکەوتووە؟

عەزیز شارۆخ: با با هەمبووە، چۆن، بەڵام ئیدی شتێکی وا نەبووە، یان بەردەوام نەبووە، مەسەلەن دە ساڵ لەوەپێش تا ئێستا فەرقی هەیە، ئاوا مەودایان هەبووە.

ڕامان: ئەدی بۆ کۆنسێرتەکانت، لە چەند شوێن کۆنسێرتت هەبووە؟

عەزیز شارۆخ: کۆنسێرتم لە زۆر جێیان ساز داوە، ئەوروپا زۆر چووم، شارەکانی ئێرانیش زۆریان چووم.

ڕامان: ئەو کۆنسێرتانەی زۆر بەناوبانگن، لە

شیراز، فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی شیراز، ١٣٤٩هـ - ١٩٧٠ز، لە ڕاستەوە: عەزیز شارۆخ، ڕەسوڵ نادری، ئەمیر خاڵندی، مەناف ئێرانپەنا، قالەمەڕە.

دیوی عێراق و لەدیوی لای خۆتان کە سەدای زۆری هەبووبێ، خەڵکی زۆری لێ حازر بووبێ، کامەیان بوو؟

عەزیز شارۆخ: لە دیوی عێراق قەت کۆنسێرتم نەبووە، لە عێراق فەقەت جارێك هەولێر بانگی کردم، لە شێرەسوار بەرنامەیەکم هەبوو، دوو جاریش سلێمانی بانگی کردم، «شیرین بەهارە»یان داوا کرد، «شیرین بەهارە»م بۆ گوتن و وەلسەلام، نەواریکیشم بۆ پڕکردنەوە، ئەویش لە تی .ڤی خاك تۆمار کرا، کۆنسێرت نەبوو.

ڕامان: من لە ئاهەنگەکەی نەورۆزت، لە شێرەسوار حازر بووم.. ئەدی ئەو ئاهەنگانەی گێڕاوتن، ئاهەنگی گۆرانی، یان ئەوەی ئێستا پێی دەڵێن کۆنسێرت، کامەیانت زۆر بەدڵ بووە؟

عەزیز شارۆخ: خۆ کابرا بە شتی خۆی نالێ وا نییە، خراپیش بێ دەڵێم بەدڵم بووە.

ڕامان: لە ناو هۆڵ گۆرانیت گوتووە، یان لە دەشتودەر بووە؟

عەزیز شارۆخ: نا نا، هەمووی لە هۆڵ بوون، لە باشترین هۆڵ.

ڕامان: مەگەر ئەوەی ئەو ساڵە، ئەوەی شێرەسوار، ئەوە لە دەشتودەر نەبوو؟

عەزیز شاڕوخ: ئەوە جودا بوو، ئەو شوێنە کە تانکی لێ شکابوو، لەکن تانکەکان بە خاتری ئەو مەسەلەیە ئێمە ئەو کارەمان کرد، دەنا لە فەزای ئازاد نا، هەر ئەوە لە فەزای ئازاد بوو.

ڕامان: هێندێك باسی ئەوە دەکەن، دەڵێن میللۆدی کوردی فرۆشراوە، بە گۆرانیبێژی فارس و نازانم کێ فرۆشراوە؟ ئەوە چەند ڕاستە، شتی وا هەیە؟

عەزیز شاڕوخ: دەیکەن، مەسەلەن ئەوانەی تاران، فەرەزەن کوردن بۆ گۆرانیبێژێکی فارس موزیك لێ دەدەن، لەوانەیە میللۆدی کوردیشیان بدەنێ و شیعری فارسی لەسەر دانێن. وەك ئێمە ئێستا ئی فارسی دەینین و شیعری کوردی لەسەر دادەنێین، هیچ ئیشکالی نییە.

ڕامان: بەڵای تۆوە ئەوە کێشەی نییە، ئەی ئەگەر ڕۆژێك لە ڕۆژان کورد بیەوێ میلۆدی خۆی لە ئی میللەتەکانی وەك تورك و عەرەب و فارس جودا بکاتەوە، کە شتی ئێمەیان بردووە و بهێنیتەوە لای خۆی، چۆنی وەردەگرێتەوە؟

عەزیز شاڕوخ: دەی باشترە، ئەلان وەزعێك نییە کە کورد تەواو سەرنجی خۆی بداتە سەر ئەو مەسایلە، کێشە و گرفتی دیکەی هەیە، ئەوە بۆ زەمانێك دەبێ کە کورد بگاتە قۆناغی خۆی، جا دوایە وەدوای گەشەدان بە ئەدەبیات و مۆسیقا و گۆرانی و ئەوانە بکەوێت.

ڕامان: چەند پێت باشە هونەرمەند و نووسەر لە سیاسەت نزیك ببنەوە؟

عەزیز شاڕوخ: بە نەزەری من نابێ کاریان بە سیاسەت بێ، یانی نابێ بچن لە حزب و ئەوانەدا ئیش بکەن، سەربەخۆ بن، بۆخۆیان چ دەڵێن با بیڵێن.

ڕامان: یانی بەلاتەوە چاکترە کوردایەتی بکەن؟

عەزیز شاڕوخ: وەسەلام، بۆخۆیان هەرچی دەیڵێن بیڵێن، وەك پەشێو «منالەکان، ئەی برسییە ژین تاڵەکان، لە سەر سینگە نەوتاوییەکەی بابەگورگور/ نزیك تاقگەی سەرەژووری زێڕینی گڕ/ گڵکۆیەکی بچکۆلەم دی/ لێی نوسرابوو ئا لێرەدا منداڵێکی چاوگەشی کورد/ لە برسان مرد»، ئەوانە هەمووی بۆخۆیەتی، بەڵام بە نەزەرەم نەچنە نێو حزبانەوە، بەدناو دەبن.

ڕامان: وەک پێشتر گوتم کوردایەتی بکەن.. تۆ تایبەتمەندیی گۆرانیی کوردی لە چیدا دەبینی؟

عەزیز شاڕوخ: بە نەزەری من هەر میللەتێك، هەر نەوەیەك، تەنانەت ئێل و عەشیرەتیش شێوە گۆرانیی خۆیان هەیە و تایبەت بە خۆیانە و هەر بەوانەوە دەچەسپێت، جا چ کورد بێ، چ عەرەب بێ، چ فارس بێت، چ تورك بێت، ئەوە هەر کەسێك هی خۆی تایبەتمەندیی ئەو میللەتەیە.

ڕامان: تایبەتمەندیی هونەری ئێمە وەک کورد چییە؟

عەزیز شاڕوخ: ئی ئێمەش تایبەتمەندییەکی ئەو جۆرەی هەیە، ئەوی ئێمە دەیڵێین دیارە دەبێ تایبەتمەندیی میللەتی کوردی هەبێت، بەشی زۆری گۆرانییەکانمان، ئەوانەی وا لە ئاستی باڵادان، ئیحساسیان تێدایە، زۆری دەرد و غەم و ناکامی و ئەو جۆرە مەسایلەی تێدایە. نەوعێکی هەیە بۆ شایی و هەڵپەڕکێ و ئەوانە، مەعزەرەتم هەیە ئەوانە وشەی ناحەز و ئەو جۆرە مەسایلەیان تێدایە. لێرە تایبەتمەندییەکە دەبێ بڵێی لە هەموو میللەتێکیشدا ئەوە هەیە.

ڕامان: ئایا دەتوانین بەو تایبەتمەندییە گۆرانیی و میلۆدیی کوردی لە میلۆدیی تورکی و فارسی و ئەوانە جیا بکەیتەوە؟

عەزیز شاڕوخ: هەمووی دەتوانێ تەداخول بکات و کردووشیەتی. ئەوانە تەداخولیان هەر هەیە، لە نێو تورکاندا، لە نێو عەرەباندا، لە نێو تورکمانانداین، خواییەخوایی ئێمە بەردەوام تەئسیر لێك دەکەین،

ناکرێ تەئسیر لێک نەکەین، ئەوە ناچارەکییە. ئەوەی کە دیارە لە کوردیدا بەیتەکانن، حەیرانە، گەلۆیە، لاوکە، ئەوانەن، ئەوانە تایبەتمەندین، یانی ڕەسەنایەتیی میژوویان هەیە، دەنا گۆرانییەکانی دیکە هەمووی لە باری میلۆدییەوە تێکەڵیان کردوون.

ڕامان: هەموو میللەتانی دنیا گۆرانی خۆیان پۆلێن کردووە، گۆرانی هەیە بەتایبەتی بۆ بەیانیان دەگوترێ، لە ناو کورد گۆرانیگوتن بۆ بەیانیان نییە، یان زۆر دەگمەنە، چونکە میزاجی ئینسان لە بەیانیان جۆرێکی تایبەتییە، تۆ گۆرانییەکت هەیە، بۆ بەیانیان گوترابێ تایبەتمەندیی گۆرانیی بەیانیانی تێدا بێ؟

عەزیز شارۆخ: من گۆرانییەکی تایبەتم بۆ بەیانیان نەگوتووە.

ڕامان: بەڵام گۆرانییەکت هەیە بۆ بەیانیان جوان هاتووە.

عەزیز شارۆخ: نێوی شاعیرەکەم لەبیر چووەتەوە، ئەوە شیعرێکی جوانی ئەدەبییە، تۆ وادەزانی بە بەیانی هەڵدەڵێم؟

ڕامان: نا، بەڵام لەگەڵ کەش و میزاجی بەیانیان دەگونجێ، عەرەب بۆ بەیانیان فەیرۆز و کارم مەحموود و نەسری شەمسەددین و کێ و کێی هەیە، تەنانەت ئووم کەلسووم گۆرانی (یا صباح الخير يلي معانا)ی هەیە بەیانیان لێ دەدرێ، لە بەیانیاندا کە گۆرانییەک هەستت دەخرۆشێنێ، تا ئێوارە کاریگەری لەسەر کەسەکە دادەنێ، بۆیە پێم باشە بایەخ بەو تەرزە گۆرانییە بدرێ.

عەزیز شارۆخ: تۆ چاوی لێ بکە، دەبینی بەیانییە، من لە شاخێکم ئیشتیام لە گۆرانییەکە، کە ئەو گۆرانییە هیچ کەس نەیگوتووە، قەت قەتیش کەس نەیگوتووە، من ئیشتیام لێیە، ئەوە نابێتە دەلیل.

ڕامان: ئەدی بۆ منداڵان هیچ گۆرانیت نەگوتووە؟

عەزیز شارۆخ: بۆ منداڵان؟ «منالّەکان ئەی برسییە ژین تالّەکان»، ئەوە نییە بۆ منداڵان گوتوومە. «منالّەکان، سەنگەر سەنگەر چیا گەڕام، گوێم لێ بوو، کۆمەڵێك قەوان لە پێشمەرگەیەکی شەهید دەدوێن»، بۆ منداڵانم گوتووە. وەك چۆن پەشێو بۆ منداڵانی گوتووە، منیش هەر ئەوەم گوتووەتەوە.

ڕامان: بەڵام نابێ گۆرانیی بۆ منداڵان شیعرەکەی دوور و نزیک توخنی سیاسەت بکەوێ.

عەزیز شارۆخ: دە هەر فەرق ناکات، منداڵ منداڵە.

ڕامان: منداڵ دنیایەکی تایبەتی و بێگەردیان هەیە، وا باشە هەر لە منداڵییەوە لە ناو سیاسەتیان نەگلێنین.

عەزیز شارۆخ: باشە باش چ بە منداڵان بڵێم، نیمە ئیدی.

ڕامان: نیتە، ئەدی گۆرانیی دووانە، ئافرەتێك لەگەڵت گۆرانی بڵێ؟

عەزیز شارۆخ: ئەوەشم نییە.

ڕامان: ئەدی ئاهەنگی خۆت داوە بە کەسانی دی بیڵێنەوە؟

عەزیز شارۆخ: من پێم خۆشە خەڵك گۆرانییەکانم بڵێتەوە.

ڕامان: مەبەستم ئەوەیە ئاهەنگێکت دانابێت، دواتر دابێتە گۆرانیبێژێك بیڵێ؟

عەزیز شارۆخ: نا، من کاری وام نەکردووە، من بۆخۆم دەیڵێم، ئەگەر گۆرانیبێژێك بەهرەی ئەو دەنگەی هەبێت و بتوانێ فێر بێ، با بیڵێ.

ڕامان: دەبوایە زووتر ئەوەشت لێ بپرسم ئەو (شارۆخ)ـە کە ناسناوی بنەماڵەکەتانە لە چییەوە هاتووە، یان چۆن بەسەرتاندا بڕاوە؟

عەزیز شارۆخ: زەمانێك ناسنامە نەبووە، هەر کەس ناسنامەی نەبووە. دوایی کە دایرەی ناسنامە

خالیقی دەنگێکی خۆش و سەدایەکی زۆر سۆزداری هەیە، بەڵام مەقامبێژ نییە.

هاتووه و دانراوه، داوایان له خەڵکی کردووه که بچن ناسنامه وەربگرن، باوکی من به نێو، نێوی عەبدوڵڵا بووه و پێیان گوتووه عەبڵای سەوزیچی، کاری سەوزیخانه و شتی وای هەبووه، لەو کارەدا ئوستاد بووه، مامۆستا بووه.

ڕامان: که باوکت وەك خەڵکی دی چووەته ئیدارەی ناسنامه ئەو نازناوەی بۆ خۆی داناوە؟

عەزیز شاڕۆخ: نا، ئەو کابرایەی که بەرپرسی ئەوێ بووه دەگەڵ بابم ئاشنا بووه، جا بابی من گەرچی نەخوێندەوار بوو، بەڵام شیعر و شتی زۆر لەبەر بوو، هەرکەس یەك شیعری بۆ خوێندباوە لەبەری دەبوو، مەسەلەن شیعرەکانی وەفایی و شێخ ڕەزای تاڵەبانی و حاجی قادری کۆیی و مەلا محەمەدی کۆیی و ئەوانەی هەموو لەبەر بوو، ئەویش دەلیلی ئەوە بوو که لەگەڵ ڕەفیقێکی که نێوی مام سەعید بوو پێکەوە شەراکەتیان بوو، مام سەعید بۆخۆی ئەندامی کۆمەڵەی ژێکاف بوو، خوێندەوار بوو، هۆگری شیعر و ئەدەبیش بوو، که ئەو شیعرانەی بۆ دەخوێندەوە، بابم هەمووی لەبەر دەکرد، بابم میێشکێکی باشی بۆ لەبەرکردن هەبوو.

ڕامان: ئەدی بابت ئەندامی ژێکاف نەبوو؟

عەزیز شاڕۆخ: نا، بەڵام کوردپەروەر بوو، که دەچێته ئیدارەی ناسنامه، کابرای ڕەفیقی پێی دەڵێ، میرزا عەبڵا ئەرێ چ نێوێکت بۆ بنووسم، تۆ نێوت عەبڵایە، سەوزیچیت، عەبدوڵڵای سەوزیچی، بەڵام من شۆرەتێکم بۆ دیتوویەوە پێم خۆشە ئەو شۆرەتت هەبێت.

ڕامان: که وایە ئەو شورەتە ڕەفیقەکەی بۆی پێشنیار کردووە؟

عەزیز شاڕۆخ: ئەو ئاغایە ئاغای تەوحیدی دەبێت، باوکم پێی دەڵێ وەڵڵا مەیلی خۆتە، هەر نێوێکی بۆم دادەنێی بۆم دانێ، ئەویش دەڵێ نێوت دەنێم عەبدوڵڵا شاڕۆخ، شاڕۆخی نییە، لای ئێوە بە هەڵە دەڵێن شاڕوخی،

هەولێر، ماڵی هێدی، ۲۰۰۵
هێدی، عەزیز شاڕۆخ

(شاهڕوخ)ـە، ئەوجا پێی دەڵێ شاهڕوخ کوڕی نادر شا بووە، (شاهڕوخ)یێکی دیکەش بووە، کوڕی تەیموری لەنگ بووە، بە ماناش شاهڕوخ، یانی ڕووی جوان، لەوەیڕا ئەو ناسنامەیە و ئەو شۆرەتە هاتووەتە بنەماڵەی ئێمەوە.

ڕامان: چەند کەستان لە ڕێی هونەرەوە، لە ڕێی کاری ڕۆشنبیری و ئەدەبییەوە بەو شۆرەتە ناسراون؟

عەزیز شاڕۆخ: زیاتر بە منەوە ناسراوە، بەوانەی دیکەوە نا.

ڕامان: پێوەندی لە بەینی سیاسەت و هونەرمەند چۆن دەبینی، ئایا پێت باشە هونەرمەند سیاسەت بکات؟

عەزیز شاڕۆخ: بڵێی و نەڵێی هونەر پێوەندییەکی بە سیاسەتەوە هەیە، بەڵام بە نەزەری من هونەرمەند نابێ وەدوای حزبایەتی بکەوێت، دەبێ لە ڕێگای خۆیەوە خزمەت بکات.

ڕامان: پێتوایە حزبایەتی زەرەر و زیان بە هونەر و هونەرمەندەکە دەگەیەنێ؟

عەزیز شاڕۆخ: بەڵێ، وەکی که زۆر زەرەری بە من گەیاندووە، من وەدوای سیاسەت کەوتم و لەسەر کوردایەتی، ئەو هەموو بەدبەختییەم دیت.

ڕامان: ئێستا هەست بە پەشیمانی دەکەی؟

عەزیز شاڕۆخ: نا، پەشیمان نیم. من زەمانێك

مامۆستای قوتابخانە بووم، لەسەر حزب گرتیانم سێ ساڵ لە زیندانداا بووم، ئەڵبەتە لەسەر ئەوە نەبوو، لەسەر کۆمەك بە مەلا مستەفای بارزانی بوو، لەسەر شۆڕشی ئەیلوول گیرام، کە سێ ساڵان گیرام لە ماوەی ئەو سێ ساڵەدا براکەم و باوکم ئەمری خودایان کرد.

ڕامان: دوای بەربوونت لە زیندان و نەمانی باوکت و براکەت ژیان و گوزەرانت چۆن بوو؟

عەزیز شاڕوخ: کە من بەر بووم، هاتمە سەر وەزعی ژیانێکی زۆر نالەبار، ناچار لەبەر ئەوەی کارم گۆرانیگوتن نەبووە وەك خەڵکی بچم لە مەجلیسان گۆرانی بڵێم و خەڵك پوولم بدەنێ، نەفرەتم لەوەی هەیە، من وەدوای کار و کاسبی کەوتم، چووم ئیشەکەی بابم هەڵبژارد، چوار ساڵان چووم زەمینم بە ئیجارە هەڵگرت و کاری سەوزیچییەتیم لەسەر کرد، زەراعەتم لەسەر کرد.

ڕامان: دوای ئازادبوونت حکوومەت دەستی پێ لە کار کێشایەوە؟

عەزیز شاڕوخ: ئەدی، دەری کردم، لە کار دەری کردم، دوایەش چەند ساڵی ئاخری تەقریبەن حەوت ساڵان بووم بە ژمێریاری شوێنێك، ژمێریارێکی ڕۆژمز (ڕۆژانە پوول و پارەت بدەنێ- اجور یومیة)، دە ساڵانم بەوە تێپەڕاند، دوایە چووم لە تاران ئیمتحانم دا، ئیمتیحانێکی سەرانسەری بوو، دەرچووم، بەڵام نەچوومەوە وەزارەتی پەروەردە، بەڵکو چوومە وەزارەتی ڕۆشنبیری (فەرهەنگ و هونەر)، شەش ساڵیش لەوێ بووم، دیسان لەسەر مەسەلەی کوردایەتی لەو ڕژێمەیدا دەرکرام و دووریان خستمەوە.

ڕامان: ئەو کاتە چەند سەرخێزان بوون؟

عەزیز شاڕوخ: لە ماڵەوە من حەوت سەر خێزانم هەبوو، هەموو منداڵەکانم ورد بوون، دەگەڵ دایکم و خۆم و خێزانم خەریکی کار و کاسبی بووم، میوەفرۆشی و سەوزیفرۆشی و گێڕانی تاکسی و هاتوچۆی تاران و هاتوچۆی عێراقم دەکرد، زیندەگیم دابین دەکرد، لە دواییدا دووکانم کڕی.

ڕامان: ئەو ساڵانەی کە لە وەزارەتی ڕۆشنبیری بووی لە چ شارێك بووی؟

عەزیز شاڕوخ: هەر لێرە بووم، هەر لە مەهاباد بووم.

ڕامان: کە مامۆستاش بووی هەر لێرە بووی؟

عەزیز شاڕوخ: هەر لێرە بووم.

ڕامان: پێشمەرگایەتیت کردووە؟

عەزیز شاڕوخ: پێشمەرگایەتی دەزانی بە چی دەڵێن؟ پێشمەرگایەتی بەوەی دەڵێن کە ئینسان بچێتە شاخی لەگەڵ دوژمن ڕووبەڕوو بێتەوە، ئیدی من تەنیا چەکێك هەڵگرم نابمە پێشمەرگە، سیاسی بووم، بەڵام پێشمەرگە نەبووم.

ڕامان: وەك هەڵوێستێکی سیاسییانە و کوردانەی خۆت نەچوویتە شاخ؟

عەزیز شاڕوخ: قاچاغ بووم، دوایی هاتمەوە تەئمینیان کردمەوە و دەستم کردەوە بە کار و کاسبی.

ڕامان: ئەو کاتە کە خۆت شاردەوە و قاچاغ بووی، ماڵ و منداڵت هەبوو؟

عەزیز شاڕوخ: بەڵێ، حەوت سەر خێزانم هەبوو، نەچوومە پێشمەرگایەتی، ئەوکاتە وەزعی ئێرە خراپ بوو، سێ چوار مانگان چوومە دەرێ، چوومە ماڵی دۆستێك و لە دێ دانیشتم.

ڕامان: دێیەکە ناوی چ بوو؟

عەزیز شاڕوخ: کولیجە.

ڕامان: لێرەوە نزیکە؟

عەزیز شاڕوخ: بەڵێ، دێی (شێخ عەبدوڵڵای شەمسی بورهان)ـە.

ڕامان: منداڵیشت لەگەڵ خۆت بردبوو؟

عەزیز شاڕوخ: بەڵێ، هەموویانم بردبوو، دوایی زەمانەتیان کردم و هاتمەوە دەستم بە کار و کاسبی کرد، دەستم بە سەوزیفرۆشی و میوەفرۆشی و

تاکسی و ئەو جۆرە کارانە کرد.

ڕامان: ئەدی چۆن بوو بڕیارت دا دووکانێکی ستریۆ، نەوارفرۆشی دابنێی؟

عەزیز شاڕوخ: ئاخر ناچار بووم، ئەوە چیرۆکی هەیە، دەبێتە تایبەتی، یەکەم کچم نێوی هەڵاڵە بوو، داواکاری بۆ هات، ئەو کابرایەی داوایشی دەکرد لەو ئاغاوەتانەی بۆکان، مااڵی حەسەنییەکان بوو، منیش تەنیا یەك تاکسیم هەبوو، سەروەتەکەم هەر ئەوە بوو، هیچ پووڵم نەبوو، خانوویەکی شڕ و تاکسییەکم هەبوو.

ڕامان: بیستوومە تاکسییەکەت بۆ فرۆشتووە؟

عەزیز شاڕوخ: بە خاتری کچەکەم تاکسییەکەم فرۆشت و بۆم دا بە جیاز، ئەشیای چاکم بۆ کڕی. کەمێك پووڵ مابووەوە، نزیکەی ٢٠٠ هەزار تمەنێك، بێکار و بێبار بووم.

ڕامان: چۆن دووکانەکەت کڕی؟

عەزیز شاڕوخ: ڕۆژێکی بەو شەقامەیدا هاتمە خوارێ، ئەوەی کن کاك یۆسف فازڵی، لەپێشدا دووکانەکەم لەوێ بوو، دووکانێکی چکۆلە بوو، وەك ئەوەی کاك یۆسف فازڵی، کوڕێك کە منی دەناسی، بانگی کردمە ژوورێ، نێوی ساڵە بوو، ساڵحی شەڕەفی، گوتی کاك عەزیز چ دەکەی؟ گوتم وەڵاڵ هیچ، بێکارم. گوتی من دەچمە خاریج بۆ ئەو دووکانەم لێ ناکڕی؟ گوتم ئاخر پووڵم هێندە نییە، گوتی هەرزانت دەدەمێ، بە پێنجسەد هەزار تمەن دەتدەمێ، گوتم وەڵاڵ دەمەوێ، بە پێنجسەد هەزار تمەن دووکانەکەم لێ کڕی، کە لێم کڕی دووسەد هەزار تمەنم هەبوو، بڕێك زێڕ و شتی خێزانم هەبوو فرۆشتم، دۆستێکی فارسیشم هەبوو بڕێکم لەویش قەرز کرد، دووکانەکەم لێ کڕی، دووکانەکەم کردە جێی نەوارفرۆشی.

ڕامان: ئەودەمی نەوار هەبوو، شریت هەبوو، سی دی نەبوو.

عەزیز شاڕوخ: خۆلاسە تا ماوەیەك لەو دووکانە گوزەراندم، دوایی دیسان نیازم بە پووڵ هەبوو، دووکانەکەم فرۆشت، قەرز و مەرزەکانم داوە، ئەم دووکانەم کڕی، ئەوەی ئێرە، ئەوە بۆ من بوو بە سەرمایە.

ڕامان: بە هۆی ئەو دووکانەوە گوزەرانت باشتر بوو؟

عەزیز شاڕوخ: نەوەڵاڵا باش نەبوو، بەڵام ئیحتییاجم بە کەس نییە.

ڕامان: هەر ئەوەیە ئیحتیاجت بە کەس نییە، ئەدی لە ژیانی هونەریتدا بەربەرەکانی کراوی، نەهێڵن کاری هونەریی بکەی و کۆسپیان بۆت دروست کردبێ لەوەی گۆرانییەکانت بڵاو بکەیەوە؟

لەسەر کۆمەك بە مەلا مستەفای بارزانی و لەسەر شۆڕشی ئەیلوول سێ سااڵن گیراوم.

عەزیز شاڕوخ: نەوەڵاڵا، کەس ئەوەی لەگەڵم نەکردووە.

ڕامان: ئەدی ئاسانکاریت بۆ کراوە؟

عەزیز شاڕوخ: ئاسانکاریم بۆ نەکراوە، بەڵام بەربەرەکانیشیان نەکردووم.

ڕامان: پێتخۆش بووە زیاتر لەگەڵ چ تیپ و گرووپێك ئیش بکەی؟

عەزیز شاڕوخ: بەو خودایە من مەنزوورم تیپ نییە، مەنزوورم گرووپ نییە، هەر گرووپێك بێ، سازێکیش بێ، دوو ساز بێ، بۆ من جیاوازی نییە، نیازم بە گرووپ نییە.

ڕامان: دەنگی تۆ دەنگێکی زۆر زااڵە، چینە دەنگێکی زۆر بەرزە، ئەوە لە کەم هونەرمەنددا بەدی دەکرێ کە ئەو چینە دەنگەی هەبێ، کێشەت لەگەڵ هونەرمەندانی میوزیکژەن بۆ دروست نەبووە، چونکە زۆرجار دەڵێن، ئەوانە لەگەڵ مۆسیقا نایەنەوە؟

عەزیز شاڕوخ: نا کێشەم بۆ دروست نەبووە، با

دێنەوە، جوان دێنەوە، ئەوەی کارم لەگەڵ کردوون هەموو زانیویانە و باش لەگەڵم هاتوون.

ڕامان: لە هەوڵێر هونەرمەندێکی چاکمان هەیە، شوکر خەیات، ئەگەر ناوت بیستبێت، ئەوە کەسێکی مەقامزانە، هونەرمەند وریا ئەحمەد بۆی باس کردووم کە سەرەتا چۆن زۆری لەگەڵ خەریک دەبوون، چونکە لە ڕیتم دەردەچوو.

عەزیز شاڕۆخ: بڵێندترین دەنگ، دەنگی حوسێن عەلی بوو، ئەویش دەنگی بڵێند بوو، بەڵام دەنگ بڵێندبوون دەلیلی دەنگخۆشی نییە، دەنگ لە بڵێندیدا دەبێ سۆزی تێدا بێت. ئەگەر سۆزی نەبێت، سوودی نییە.

ڕامان: ئەدی ئەگەر باسی خانەوادەکەت بکەی، ئەوان تێکەڵاوی سیاسەت بوون؟

عەزیز شاڕۆخ: نا.

ڕامان: زیاتر خەریکی کار و کاسبی بوون.

عەزیز شاڕۆخ: خانەوادەکەم هەموویان کچ بوون.

ڕامان: مااڵی بابت دەڵێم.

عەزیز شاڕۆخ: نا، ئەو برایەم کە دەڵێم ١٧، ١٨ ساڵ لەسەر جێگا بوو، ئیفلیج بوو، هەر باوکم کاسبی دەکرد، ئەویش کە من لە زیندانێدا بووم، ئەمری خودای کرد.

ڕامان: باسی کچەکانت کرد، دەڵێن خانمێکیان نیگارکێشە، ناوی لالە خانمە، بۆچی بەردەوام نەبوو؟

عەزیز شاڕۆخ: ئەو دووانەیانم لە مااڵێدا ماون، پێنج کچم هەیە، سێیان شوویان کردووە، دووشیان ئەوە دەمااڵێدا ماون.

ڕامان: ئەوەی کە نیگارکێشی دەکات، دەڵێن دەنگیشی خۆشە، تۆ بۆ ڕێگەت نەداوە گۆرانی بڵێ؟

عەزیز شاڕۆخ: من ڕێگام داوە، بەڵام نەگونجاوە، پێم خۆش نەبووە.

ڕامان: بەوە نییە کەسەکە بۆ هونەر بخوێنێت، جاری وایە بەهرەیەکی خوداییە لە ئینسانێکدا هەیە.

عەزیز شاڕۆخ: بەڵام کچەکەم ئێستا زۆرتر هۆشی داوەتەوە سەر نیگارکێشییەکەی، سەر تابلۆکێشانەکە.

ڕامان: پێش ئەوەی قسەکانت تۆمار بکەم، فەرموت من لەبەر بارودۆخی خۆم نەمتوانیوە کلاسی هونەری بخوێنم.

عەزیز شاڕۆخ: ئێستا یەکێك لە گلەییەکانی ئەو کچەم کە ئێستا نیگارکێشە، دەڵێ بابە تۆ منت نەنارد بچم لە گرافیك بخوێنم، ئێستاش گلەیی لە من دەکات، بەڵام پوولم نەبوو بینێرم.

ڕامان: واتە هەموو هۆیەکە ئەوە بوو؟

عەزیز شاڕۆخ: بەڵێ، پوولی کلاسەکەم نەبوو.

ڕامان: دەنا پێت خۆش بوو لە هونەردا بخوێنێ؟

عەزیز شاڕۆخ: پێم خۆش بوو، با بچووبایە، ئەو هۆگری ئەوە بوو.

ڕامان: فەرموت ئەوە لەوەوە نەهاتووە کە من کەسێکی دواکەوتوو بووبم و ڕێگەم نەدابێ.

عەزیز شاڕۆخ: بەڵێ بەڵێ، بەڵام ئیمکانی مااڵیم نەبووە.

ڕامان: تۆ لەگەڵ مۆسیقاژەنەکانی مهاباد بەینت چۆن بووە، بۆ دەڵێن ئێستا پێوەندیت لەگەڵیان پچڕاوە؟

عەزیز شاڕۆخ: نەپچڕاوە، بۆ هەموویان ئیرادەتم هەیە، بەڵام ئێستا کار ناکەم، دەنا پێوەندیم لەگەڵ هەموویان باشە.

ڕامان: تۆزێك لێیان دوورکەوتوویەوە، هی ئەوەیە بەرهەمت نەبووە؟

عەزیز شاڕۆخ: من لێیان دوور نەکەوتوومەتەوە، من خەریکی کار و کاسبیم، ئەوانیش خەریکی کاری خۆیانن.

ڕامان: ئەو دوو ئەلبوومەی بەم دواییانە دەرتکردن، پێشوازیی خەڵك بۆیان چۆن بوو، باش بوو؟

عەزیز شاڕوخ: باش بوو، بەڵام من لە ئاستێکی کەمدا سی دییەکانم ئامادە کردووە، بێ مۆسیقایە، ئەویش قەرارە دوو سێ ڕۆژ پێش جێژنی ڕەمەزان بڵاو بێتەوە.

ڕامان: ئەو لاوانەی ئەو سەردەمە لەبەر گۆرانیی نوێ نایەنە سەر گوێگرتن لە گۆرانی خەڵکانی وەک تۆ و لێی لالووتن، ئەم جارەش لەم سی دییە نوێیەشتدا وا بوو؟

عەزیز شاڕوخ: خۆ گۆرانی منیش نوێن، گۆرانیی دووبارەم کەم هەیە، بەڵام لە ڕیزی گۆرانییە ڕەسەنەکاندان.

ڕامان: مەبەستم گۆرانی دووبارە نییە، گۆرانی ڕاپ دەڵێم، زیاتر حەزیان لە جازە.

عەزیز شاڕوخ: ئەوانەی من لەسەر پایەی گۆرانیی ڕەسەنە.

ڕامان: گەنجی ئێستا زۆر لە ڕەسەنایەتی ڕادەکات، زۆرتر بەدوای گۆرانییەکدا دەگەڕێ مۆرکی ڕۆژئاوایی پێوە بێت.

عەزیز شاڕوخ: بەڵێ، زۆرتر وەدوای جاز و ڕاپ و ئەوانە دەکەون.

ڕامان: ئەوجا ئەو چێژەیان بەرانبەر ئەو ئەلبوومانەت وا نەبوو؟

عەزیز شاڕوخ: ئەوە دەبێ خەڵک قەزاوەت بکات، من قەزاوەت ناکەم، زۆر کەس لایەنگری ئەو جۆرە مەسایلەیە. ئێستا نموونەیەکت عەرز بکەم، یەکەم جار کە لە لەندەن دەعوەت کرابووم ، خانمێك بە نێوی ماری ئاناهان بۆ فیستیڤاڵێکی نێونەتەوەیی ساڵی ١٣٧٠ی هەتاوی، کە دەبێتە ١٩٩١ی زایینی، دەعوەتی کردم، یەکەم جار بوو کە چوومە دەرەوە، لەوێ بە شێوەی فیستیڤاڵ بەرنامەکە بەڕێوە چوو، وەک کۆنسێرت بەڕێوە نەدەچوو، بەڵام دوای ئەوە بۆ سوێد دەعوەت کرام، قەرار بوو لە هۆڵ بەرنامە بەڕێوە ببەین.

ڕامان: دوا جار کۆنسێرتەکەت لە هۆڵێکی گونجاو بۆ سازکرا، هۆڵەکەت بە دڵ بوو؟

عەزیز شاڕوخ: ئەو ئاغایەی کە منی دەعوەت کردبوو پوولی فڕۆکە و ئەوانەی بۆ دابووم، بەو ئاغایەم گوت، کاکە ئەو هۆڵەی کە بەرنامەی لێ بەڕێوە دەبەم دەتوانی پێمی نیشان بدەی؟ گوتی ئا. ئەگەر چووم دیتم هۆڵە مێزی لێ بوو، کورسی لێ بوو، گوتم بۆ مێز و کورسی لێیە، بۆ هەر کورسی لێ نییە، چونکە ئەگەر مێز دانێن، یانی لێرە شت دەخۆن، گوتی ئاخر لێرە هەمووان هەر وا کۆنسێرتیان داوە، ئیدی من نێویان نالێم هەمووان کێن، ئەوانەی لە سوێد بوون. خەڵك لێرە شت دەخوات و گوێ ڕادەگرێ و دوایی هەڵدەپەڕێ. گوتم کاکە من کۆنسێرت پێشکەش دەکەم خۆ زەماوەند بەڕێوە نابەم، خەڵك دانیشێ خۆراك بخوات و من گۆرانی بڵێم، چۆن بۆ ئاغای شەجەریان دادەنیشن، دەبێ بۆ منیش ئاوا دانیشن، دەنا بلیتەکەم بدەنەوە، من دەگەڕێمەوە.

ڕامان: دەستت خۆش بێ، زۆر جوانە، ئەوە هەڵوێستێکی هونەریی گەورەیە، پێم باشە بەو جۆرە هونەرمەند ڕێز لە هونەرەکەی بگرێت.

عەزیز شاڕوخ: ئەوجا مەبەستم ئەوەیە لەوێ ئاوایان عادەت بە مەسەلەکە گرتووە، ئیدی کۆنسێرتەکە پێشکەش کرا و کورسییان دانا، وەک ئی ئاغای شەجەریان، بوو بە کۆنسێرتێکی زۆر جوان. دەنا دەیانویست بەو شێوەیە بێت، من نێوی ئەو ئاغایانەی کە پێشتر گۆرانییان بۆ ئەوانە گوتبوو ناهێنم، بەڵام بۆخۆت دەزانی دەبێ کێهانە بن.

ڕامان: بەڵێ چاک دەزانم ئەوانە کێن، ڕاستییەکەی خەتای هونەرمەندەکانە، ئێمەش ناویان ناهێنین، بەڵام خەڵکی فێری نەریتێکی خراپ دەکەن، کە ڕێز لە گۆرانیبێژ و هونەرەکەیان

نەگیرێ.

عەزیز شاڕوخ: چۆن بڵێم خەڵکەکە پێی خۆشە بچێ گۆرانی هەڵبەڕکێ و جاز و شاد و ڕاپ و ئەو جۆرە شتانەی گوێ لێ بێت.

ڕامان: ئەوە فەیرۆزیش کە گۆرانیبێژێکی ناسراوی عەرەبە، کە چووبوو گۆرانی بڵێ، فیکەیان لێ دابوو، گوتبووی یەک فیکە لێ بدرێت، یەک ورتە بێت، من هۆڵەکەتان بۆ بەجێ دێڵم. مەبەست ئەوەیە هونەرمەند دەبێ خۆی ڕێز بۆ هونەرەکەی دابنێت، تەنانەت نەریتێکیش لای گوێگر دروست بکات، بۆ ئەوەی بزانێ چۆن گوێ لە گۆرانی بگرێت، چۆن چێژی لێ وەردەگرێت.. لەو دوو ئەلبوومەی دواییت پێ دەچێت بەشی هەرە زۆری شیعرەکان هی خۆت بن، ئەوە بۆچی وایە؟

عەزیز شاڕوخ: هەندێکیان هەم ئاهەنگەکان، هەم شیعرەکان بۆخۆم دامناون، هەندێکیشیان، سێ چوار ئاهەنگیان فارسین، بەڵام بۆ خۆم شیعرم لەسەر داناون، ئەلان زۆر ئاهەنگ هەن، بەڕێز ئاغای ماملێ گووتونی، فارسین، یان تورکین، بەڵام وا جوانی گوتووە هاتووەتە ڕیزی ڕەسەنایەتیی کوردی، خەڵک وادەزانی کوردین، «ئەمن دەمگوت لە دنیا تا بمێنم»، «دم گاراژ بودم یارم گژر کرد»، زۆری وای هەیە، بەڵام مەسەلە ئەوەیە فارسەکانیش سوودیان لە ئێمە کردووە و ئێمەش سوودمان لەوان کردووە.

ڕامان: ئەوە لە لای خۆتەوە چۆن لێک دەدەیەوە؟

عەزیز شاڕوخ: ئێمە تێکەڵ دەژین، لە عێراقیش وایە، هەم لە گۆرانی کوردی ئیستفادەیان کردووە، هەم کوردەکان ئیستیفادەیان لە عەرەبەکان کردووە. ئێمە گۆرانیبێژێکمان هەیە، نێوی مەلا کەریمی مەهابادییە، ئەو ئاهەنگەی کە دەڵێ «هاتەوە با بێتەوە خانم لە حەمامەوە»، «ئەو کچە لەو ماڵە قەولی داوە پێم»، «ئەی خودا لەو ئاگربارانە»، «کە دەڵێ ئیمڕۆ دەشت و کێو شینە»، ئەوە من بە عەرەبی گوێم لێ بووە، بەڵام ئەو ئاغایە بە کوردی گوتوویەتی، ئەوجا ئایا عەرەبەکان لەویان وەرگرتووە، چونکە لە بەغدا زەفتی کردووە، لەسەر قەوان مەلا کەریم زەفتی کردووە، دەنگەکەیشیم هەیە.

ڕامان: مەبەستت ئەوەیە بڵێی کە هونەری میللەتان تێکەڵە؟

عەزیز شاڕوخ: بەڵێ، ئێمە لە نێو فارس و لە نێو عەرەب و تورکاندا ژیاوین، بتەوێ و نەتەوێ ئیستیفادەمان لێ کردوون، ئەوانیش ئیستفادەیان لە ئێمە کردووە، مەبەستم ئەوەیە من سێ چوار ئاهەنگی فارسی بۆخۆم شیعری کوردیم لەسەر داناون.

ڕامان: پێتوایە مۆرکێکی کوردیت داونەتێ؟

عەزیز شاڕوخ: ئا، شیعری کوردیم لەسەر داناون، شێوەی گوتنەکەش کەمێک گۆڕاوە.

ڕامان: هەر شیعر نییە، وابزانم شێوەی گوتن و مۆرکەکەشت بەرەو کوردی گۆڕیوە. ئەوە لەو دواییەیدا سەرنجم داوە چەند کەسێک ئەوەیان کردووە. مەرزیە خانم پێش ئەوەی ئەمری خودا بکا، گۆرانییەکی گوت من پێشتر بە فارسی گوێم لێ بووبوو، کە بینینم پێم گوت تۆ ئەو گۆرانییەت لە فارسی وەرگرتووە، ئەو گوتی کوردییە و وەختی خۆی فارسەکان بردوویانە، من هێناومەتەوە ناو گۆرانی کوردی.

عەزیز شاڕوخ: یەکێک لەوانە گۆرانی مەرزییەیە، مەرزییەی فارس، ئاهەنگێکی هەیە، «لەیلەلەیلا لەیلەلەیلەی لالەلەیلا لەیلەلایلەی لالەیلەیلا لایلەیلەی لەیلەلەیلەی» ئەو ئاهەنگە من شیعرم لەسەر داناوە، زۆریش عالییە.

ڕامان: بۆ ئەوەی مەرزیە خانمی خۆمان چ دەڵێی کە گوتی ئەو گۆرانییە لە بنەچەدا گۆرانییەکی کوردییە، فارسەکان گوتوویانەتەوە، بۆیە من هێناومەتەوە نێو

گۆرانی کوردی و سەرلەنوێ گوتوومەتەوە؟

عەزیز شاڕۆخ: ئەگەری زۆرە، من گوێم لە ئی مەرزییە نەبووە، بەڵام عەرزم کردی تێکەڵاوی هەیە، بەهۆی تێکەڵاوییە کەوەیە.

ڕامان: ئەدی بۆ هەوڵت نەداوە هەندێك لە ئەلبوومەکانت ببەی لە دیوی کوردستانی باشوور تۆماریان بکەی؟

عەزیز شاڕۆخ: ئاخر من زۆر نەچوومەتە ئەوێ، جارێك دەعوەت کراوم، ئەگەر تازە عێراق کەوتبوو، جارێك لە هەولێر دەعوەت کراوم، دوو جاریش لە سلێمانی دەعوەت کراوم، لە کەناڵی خاك نزیکەی دوو سەعاتم گۆرانی هەیە، لە کەناڵی هەولێریش نزیکەی دوو سەعاتم گۆرانی هەیە، بەڵام لێی نادەن، نایهاوێنە سەری، بڵاوی ناکەنەوە.

ڕامان: ئۆرجینااڵەکانت بۆ نەبردووەتە ئەوێ پێیان بفرۆشییەوە، لەوێ پووڵی چاکتر دەکات؟

عەزیز شاڕۆخ: نایبەم نا، هەر کەس هات لێرە کڕییەوە کڕییەوە، دەنا وەدوای شتی خۆم بکەوم، جا چۆن خۆم سووك دەکەم، من هێشتا لەوەتای کۆنسێرت دەکەم یەك جار وەدوای کۆنسێرت نەکەوتووم، لە نەغەدە بۆخۆیان کۆنسێرتیان بۆ ساز کردووم، لە شنۆ، لە تاران بۆخۆیان کۆنسێرتم بۆ ساز دەکەن، من دێم دەیڵێم، وەدووی وەزارەتی ئیرشاد نەکەوتووم، من کاری وا ناکەم.

ڕامان: ئەوە نییە ئەو گۆرانییبێژانەی زۆرتر مەنەژێڕیان هەیە، نەفەرێك دەچێ وەدووی کارەکانیان دەکەوێ، بۆ بڵاوکردنەوەیان، بۆ سازکردنی کۆنسێرتەکان کاری بۆ ئاسان دەکەن؟

عەزیز شاڕۆخ: ناوەڵاڵا، من وەدوای نەکەوتووم.

ڕامان: لە دوای بڵاوبوونەوەی «از دست عشق» لەگەڵ جەلیل عەندەلیبی تۆزیك کێشەتان کەوتە بەینەوە؟

عەزیز شاڕۆخ: جەلیل عەندەلیبی لەگەڵ من ئینسانێکی ڕاست نەبوو، بە خاتری ئەوە کارم لەگەڵ نەکردەوە، چون ئەو نەوارەی بە نێوی خۆی نووسی، لە حاڵێکدا کە لە تارانەوە هاتە ماڵی ئێمە، ئەو ڕۆژەش عەرزم کردی، بۆخۆم ئەو ئاهەنگانەم دایە، ئەو ئاهەنگانە ئی (باکووری)ن، دوو سێیەکی ئی (باکووری)ن، دوو سێیەکی لە بادینانیڕا بۆخۆم وەرمگێڕاونەتەوە سەر سۆرانی، هیچی ئی ئەو نییە، بەڵام چون نووسیبووی سەرپەرست و ئاهەنگساز، توانی بەو هۆیەوە بە حومەیڕا و بە عەلیڕەزا ئیفتیخاری بیانفرۆشێتەوە، لەسەر ئەوەیڕا من نێوانم لەگەڵی تێکچوو، قەدەری ئەولای زەنگی لێ دا، گوتم من تازە خەڵاس بوو لەگەڵ ئەنگۆ کار ناکەم، دەنا جارێکی ئەگەر ئەو خانمە بانگی کردم لەگەڵ خۆیشم بردمە لەندەنێ.

ڕامان: پێوەندی پێوە کردی و تۆ گوێت پێ نەدا، باشە لە ئەلبوومێکدا لەگەڵ فەرەجپوورییەکان کارت کردووە، لەگەڵ ئەوان هیچ گرفت نەهاتە پێشێ؟

عەزیز شاڕۆخ: نا، پێم گوتن، گوتم مەنووسن ئاهەنگساز، بنووسن میوزیك، ڕێکخستنی میوزیك، مەنووسن ئاهەنگساز، ئیدی نەیاننووسی.

ڕامان: هەمیشە کە ئاهەنگێکت داناوە میوزیکژەنێك هاتووە موزیکەکەی بۆت ڕێکخستووە، یان با بڵێین هەندێك ڕستەی مۆسیقاکەی دەستکاری کردبێت، یان پێشەکی بۆ داناویت، لەو حاڵەتەدا تۆ لەگەڵ ئەو کارە بووی، کێشەت لەگەڵی نەبووە؟

عەزیز شاڕۆخ: بەڵێ، زۆری ئەو ئاهەنگانەی داومن بە فەرەجپووری، میوزیکی لەسەر داناون، ڕێکی خستوون، لێی زیاد کردووە، لێی کەم کردووە، من لەو بارەیەوە قسەم نەبووە، من فەقەت لەسەر مەسەلەی ئاهەنگ و ئاهەنگسازی قسەم هەیە، مەسەلەن من ئاهەنگێکم هەیە بە نێوی «دوایی زەمانە»، «هەتا مەیلت بمێنێ دڵت دڵم

نەشکێنێ»، شیعر و ئاهەنگی خۆمە، کابرایەك لە کرماشانەوە تەلەفۆنی کرد، گوتی ئیجازە هەیە ئێمە ئەوە بڵێینەوە، قەرارە لەگەڵ کامکارەکان تەنزیمی بکەین و بیڵێینەوە، گوتم بە شەرتێکی شیعر و ئاهەنگەکەی وەك خۆم بڵێنەوە، ئەوە ئازادن، دەنا من ڕێگەتان پێ نادەم، بۆخۆشتان چ دەکەن کەیفی خۆتانە، کەچی دوایی تەماشام کرد تێکوپێکیان دابوو.

ڕامان: دوای ئەو کارەیان هیچ گلەییت لێ نەکردن؟

عەزیز شاڕوخ: تازە کارەکەیان کردبوو، ئەوجا بە منیان گوت.

ڕامان: ئاخر جاری وایە دەتوانی لە بازاڕ پێیان بکشێنیتەوە.

عەزیز شاڕوخ: ئەو لەوێ و من لێرە، کوا دەکرێ؟

ڕامان: هێشتا هونەر ئەو ڕەواجەی نەبووە کە مافی هونەرمەند وەربگیرێ و ئەو بەداوداچوونانە هەبێت.

عەزیز شاڕوخ: وەڵڵاهی ئیدی وای لێ دەکەن، ئەلان دەڵێم باس نەکەم، بەڵام فایدەی نییە، هەر باس نەکەم باشترە، ئی وایە ئێستا لە ئاسمانێیە، بەڵام بە نەزەری من هیچ هونەرێکی نییە. هەر تیکراری موکەڕەڕاتە و هیچی دیکە.

ڕامان: چۆنە تا ئێستا نەچوونەتە دەرەوەی ئێران، مەبەستم بۆ ژیان بچی لە دەرەوەی ئێران بژی، بۆ بارودۆخی ژیانت، هونەرەکەت باشتر نەبوو؟

عەزیز شاڕوخ: ئەو شیعرەم بخوێنەوە جا دوایە قسە دەکەین.

ڕامان: باشە، بە دەنگی خۆت بیخوێنەوە.

عەزیز شاڕوخ: نا نا هەر بۆخۆت بیخوێنەوە.

ڕامان: ئاخر حەز دەکەم بە دەنگی تۆ تۆماری بکەم.

عەزیز شاڕوخ: پێم خۆشە وێنەیشی لێ هەڵگری، بزانە ئەوە چییە؟ دەتوانی بیخوێنییەوە، «وەسیەت»، جا ئەوە بۆیە دامناوە زۆرترین وەخت کە لە ئەوروپا بووم یەك مانگ و نیوم پێ چووە، لە شەش شاری ئەڵمانیا و سویسرا و هۆڵەندا من بەرنامەم هەبووە، بەرنامەم پێشکەش کردووە، لەگەڵ گرووپی تاران چووم، بەڵام زۆر ناڕەحەت بووم، تا دەهاتمەوە وەختابوو شێت بم، ئەسڵەن چوونە دەرەوەم پێ خۆش نییە.

ڕامان: بۆچی بەچوونە دەرەوەی ئێرانێ ئەوەندە ناڕەحەتی؟

عەزیز شاڕوخ: پێموایە کەسێك کە لەوێ دەژی بێڕیشەیە، ڕیشەی نییە، جا ئەو ئینسانانە تووشی نەخۆشی دەبن، تووشی ناڕەحەتیی ڕووحی دەبن، چون نە وڵاتی خۆیانە، نە ڕیشەیان لەوێدایە، جا من هاتمەوە و چوومە شاخی، نەشمزانی لە کن دڕوویەك دانیشتووم، ئەو شیعرەم بۆ هات.

ڕامان: شیعرەکەت بخوێنەوە.

عەزیز شاڕوخ:

تکام وایە کە من مردم لە ژێڕ دڕکێکی بمنێژن
لە خۆڵی خاکی پیرۆزم بەسەر گڵکۆمی دابێژن
هەتا ئەو دڕکە هەر ساتێك لە ناخی جەرگی من ڕاچێ
وەبیرم بێتەوە هەرگیز وڵاتی خۆم لەبیر ناچێ

ڕامان: شیعری دیکەشتان هەیە کە کردووتانە بە گۆرانی و سکاڵا و بێزاری خۆتان لەوە دەربڕیوە کە هونەرمەند لە وڵاتی خۆی بەپێی پێویست ڕێزی لێ ناگیرێ.

عەزیز شاڕوخ: ڕاستە، شیعرێکی دیکەشم هەیە دە گۆرانییەکمدایە بە نێوی «سکاڵا»، بە نێوی «بێزاری»، گلەییم کردووە و دەڵێم من بێزارم، بۆ بێزارم لە خۆم، لە ژین، لە هەموو کەس، ئەگەر لە دەرێی، زۆر گەورە و هونەرمەندی، زۆرت وەدوا دەکەوی، بەڵام لە نێو خۆتدا هیچ نرخ و بەهایەکت نییە، ئەو گلەییەشم کردووە لە «سکاڵا»دایە. ئەگەر گوێت لێ بێت دەزانی.

ڕامان: دەتوانی چەند دێڕێك لەوانیشمان بۆ بخوێنیتەوە؟

عەزیز شاڕوخ: شیعرەکانم چاك لەبیر نییە، بەڵام بۆت دادەنێم گوێی لێ ڕاگرە (نەوارەکەم بۆ لێ دەدا).

ڕامان: مامۆستا گۆران جوانی گوتووە کە دەڵێ: «وەکوو عەکسی قەمەر وایە لە ناو حەوزێکی لیخندا».

عەزیز شاڕوخ: بەڵێ، ئەوە شیعری (دەرویش عەبدوڵڵا)ی گۆرانە، مامۆستا دیلان گوتوویەتی و منیش گوتوومە:

بە ڕەنگی زەرد و شێوەی دەست و شمشاڵی کزا دەرویش!
حەزم کرد بەستەیەك ببیەم سەراسەر حوزن و ماتەم بێ
لە سیماتا بەدیم کرد هەیکەلی عومرێکی حەسرەتکێش
وەها دیارە کە بەختت ئاشیانی بولبولی خەم بێ
تا دەڵێ:
نە حەرفی مەکتێبکت خوێند نە ئوستادێك پەلی گرتی
سیرف بەرزیی زەکا ئەم سنعەتەی فێر کرد بە شمشاڵت

ڕامان: تۆش مەبەستت ئەوەیە کە هونەرمەند لە دەرێ بی، گەورەتر تەماشا دەکرێ؟

عەزیز شاڕوخ: ئەڵبەتە من مەبەستم ئەوەیە ئەگەر هونەریشت نەبێ، لە دەرێ بی، هەر ئاوا بڕێك هونەرت هەبێت، خەڵك زۆر بە گەورەت دەزانن، بەڵام لە نێوخۆی خۆتدا وا نی. ئی وایە کارتی چاپ کردووە، نێوی هونەرمەندێکی بۆ خۆی لەسەر نووسیوە.. با من بزانم ئەو شیعرە لە کێیا کتێبدایە. «من بێزارم من بێزارم» ئەڵبەتە ئەوە ئاهەنگێکی نەرمم لەسەر دانابوو، بەڵام ئەو کابرایەی میوزیسییەنەکە ڕێتمی تۆندی دایە، لە بایەخی خست.

من بێزارم من بێزارم لە خۆم لە ژین من بێزارم
لە داخی ژینی ئەم چەرخە حەزینم دڵ بریندارم
لە دەروونم بڵێسێك دێ هەناسەم ئاگری لێ دێ
لە حەسرەت داخ و دەردی دڵ دەسوتێ و دووکەڵی لێ دێ
چییە تاوانی من ئاخر ئەوەندەی دەرد و ڕەنجم دیت
لە تاڵیی ژین و زیندان و خەم و حەسرەت بەدەر چم دیت
دەبێ بۆچی من وابم بە دەست مەینەت بنالێنم
بەسەر لاشەی دڵی زارم بەدایم هەر ببارێنم
ئەمن ڕۆڵەی غەم و ڕەنجم، نەگەییشتووم بە ئاکامم
کە ماندوو و شەکەتی ڕێگام، نەکەوتە ڕێ سەرەنجامم
دەروونی پڕ گڕ و شۆرم دەدا تینی هەموو جەستەم
دەسوتێنێ وجوودی من دەجۆشێنێ دڵی خەستەم
ئەمن دەمگوت نەڕۆم لێرە لە ناو خەڵکا بژیم چاکە
کە ڕۆژێك هات و من مردم پەنا و گڵکۆم بێ ئەو خاکە
ئەمن دەمگوت بچێژم با دەگەڵ گەلدا هەموو تاڵی
بەڵام سەد داخ و سەد حەیفم درەنگم لێ ببوو حاڵی
کە دووری، زۆر بە قەدر و زۆر هونەرمەندو زۆر بەڕێزی تۆ
لەبەر چاوی هەموو عالەم گەلێ گەورە و عەزیزی تۆ
ئەتۆش پووڵی چرووکی جا ئەگەر ئاڵتوونی خالیس بی
نییە قەدرت لە کۆمەڵگا ئەگەر خاوەن کەماڵیش بی
ئاخر ئی وایە هونەری هەیە، بەڵام کەماڵی نییە، وەك زۆران، باسی ناکەم.
بەڵام ئەی داد و هەی بێداد وەها گیرۆدەی ئەو خاکەی
بە هیچ نرخ و بەهایەك وا وڵاتی خۆت ڕەها ناکەی
کە ئەنجامی ئەوەش وایە دەچییە بەحری فەرامۆشی
دەبێ هەر مات و بێدەنگ بی، تا دەمری بە خامۆشی

۱۰/۱/ ۱۳۸۹ - ۲۰۱۰

ڕامان: دەم و دەستت خۆش بێت.

عەزیز شاڕوخ: یانی ئەگەر من چووبامە دەرێ لەمێژ بوو دەمردم، هەموو ڕەنج و غەمی ئێرەم پێ خۆشترە لە ئاسوودەیی وڵاتانی دی. ناتوانم بچمە هیچ کوێ، حەتتا کە دەچمە تارانێ عەزاب دەبینم، من گیرۆدەی ئەم خاکەم.

ڕامان: زۆرتر حەزیشت بە مانەوەیە لە شاری مهاباد؟

عەزیز شاڕوخ: مهاباد، شیعرم بە مهابادیشدا هەڵگوتووە، نازانم گوێت لێ بووە، یان نا.

ڕامان: گوێم لێ بووە، بەڵام پێم خۆشە بە خۆت بۆمانی بخوێنیتەوە.

عەزیز شاڕوخ: ئەو شیعرە هەم بە نێوی مهاباد گوتوومە، هەم بە نێوی سابڵاغ:

«مهاباد»

مهاباد شاری ئامانج و هەستم
مەوتەنی ژین و شیعر و هەڵبەستم
جێگای شانازی بۆ بیری خەستم
کە دەتپەرستم هەر تۆی مەبەستم
لە ناخی دڵمای هەتاکو ماوم
لە ڕێی تۆ گەلێ ئازار دراوم
مەوتەنی کۆنی ئەژدادی منی
مەسکەن و شوێنی ژیانی منی
هەر خۆشەویستی تا ڕووی مردن
هەزاران ڕۆڵە لە ڕێی تۆ مردن
ئەوینپەروەری بۆ شۆڕەلاوان
خۆڵی تۆ جوانە بۆ سورمەی چاوان
بە عیشقی تۆیە دەژیم بە سەختی
بە سەدان دەرد و ڕەنج و بەدبەختی
کە ڕۆژێك هات و مردن بەشم بوو
مەنزڵگام، مەئوام خاکی ڕەشت بوو
وەسیەتم وایە هەرگیز مەگرین بۆم
دەچمە ژێر خاکی مەوتەنەکەی خۆم
کاتێك بەزمو گرت توخوا ئەی یاران
دانیشتن لە ژێر سێبەری داران
بە جامێك مەی ئاڵ لێو تەڕ کەنەوە
یادێکیش لە منی هەژار کەنەوە

ئی «سابڵاغ»یش ئەوەیە، جا ئەوەم بە ئاهەنگ گوتووە، ئاهەنگەکانیش بۆخۆم دامناوە:

سابڵاغ شاری من چەندە دڵگیرە
چەندە شیرینە ئەو سەرزەمینە
خۆڵی دەرمانی زام و بڕینە
شاری شادییە و ماتەم و شینە
جێگای پیاوانی هێژا و هێمنە
شاری هەژار و قازی و هێمنە
کانگای هونەر و هونەرمەندانە
مەسکەنی کوردان جێی سەروەرانە
شاری ماملێیە و جێی کاکی منە
مەوتەنی هەست و هەڵبەستی منە
یادگاری کۆنی مێژووی کوردانە
هەوارگەی هەموو کورد و گۆرانە
وشەت چەند جوانە ئەی مهابادم
مەڵبەندی پێشووی مێدیا و مادم
هەر تۆی هاندەری شیعر و ئەوینم
یاخودا من هەرگیز بە کزیت نەبینم
بەجێت ناهێڵم تا من بمێنم
لەگەڵ ناوی تۆ تێکەڵە خوێنم
مەگەر ئەو ڕۆژەی کۆچی دواییم بێ
سینگی پاکی تۆ مەئوا و گڵکۆم بێ
ئەو کاتەی بە عام ئەی دۆست و یارم
بنووسن شیعرم لەسەر مەزارم
کە من شاری خۆم بەجێ نەهێشتووە
بۆیە منی وا لە باوەش گرتووە
ـ جا ئەوەم بە ئاهەنگ گوتووە.

ڕامان: دیارە چاویشت باشە، جارێ کەم حوکم نەبووە؟

عەزیز شاڕوخ: نەشتەرگەری بۆ چاوم کراوە، چاوم ئاوی مرواری تێدا بوو، بیست ساڵ لەوەپێش نەشتەرگەریم کردووە.

ڕامان: تۆ لەو تەمەنەدا بەبێ عەینەك دەخوێنییەوە، بۆیە وا دەڵێم.

عەزیز شاڕوخ: ئەوانەم لەگەڵ ئەو پرسیارە بوو کە فەرموت بۆ نەچوویە دەرێ، بۆ لەوێ نەمایەوە، من پێم خۆش نەبوو.

ڕامان: لەوەتی تۆ گۆرانی دەڵێی سەرجەم گۆرانییەکانت ژمارەیان گەیشتووەتە چەند؟

عەزیز شاڕۆخ: من چل و یەك شریتم هەیە، هەر شریتەی لانی کەم دە گۆرانی تێدایە، حەتمەن ٤١٠ گۆرانی دەبێ.

ڕامان: لەو ٤١٠ گۆرانییە چەندیان ئاهەنگی خۆتن؟

عەزیز شاڕۆخ: دەتوانم بڵێم دە حدوودی سەد دانەی زیاتری ئاهەنگی خۆمن.

ڕامان: ئەدی چەند شیعریان هی تۆن؟

عەزیز شاڕۆخ: بەخودای زۆربەی ئاهەنگەکان شیعری منی لەسەرە، مەعلووم نییە.

ڕامان: لەبەر ئەوەی تۆ شیعر دەنووسی و شیعری جوانیشت هەیە، زۆربەی گۆرانییەکانت شیعری خۆتن، دیارە خوێنەرێکی باشی شیعریشی؟

عەزیز شاڕۆخ: بەخودای بۆ خوێندنەوەی شیعر زۆر ڕەوان نیم.

ڕامان: نا، دەڵێم شیعری زۆرت خوێندووەتەوە؟

عەزیز شاڕۆخ: هۆگری شیعری جوانم. بۆ نموونە باشترین شیعری پەشێو، باشترین شیعری هێمن، باشترین شیعری محەمەد نووری «عەتری گڵۆڵانی»، باشترین شیعری شەریف حوسێنپەناهی، باشترین شیعری گۆران، ئەو شیعرانە باشترینیان، ئەوانەم هەڵبژاردووە، ئەوجار یەك دوو ڕەفیقی خۆم شیعریان داومەتێ، وەك سواڕەی ئیلخانیزادە، عەلی حەسەنیانی، ئەوانەم کردووەتە ئاهەنگ.

ڕامان: کام شیعرەی سواڕە دەڵێی؟

عەزیز شاڕۆخ: «تۆ دەریامی» شیعری سواڕەی ئیلخانیزادەیە، کە پێکەوە شەش مانگ لە زیندان بووین، بەڵام پاش بەربوونی کە لێرە دەنگوڕەنگ دانرا، هاتوچۆی دەکرد، ئەو شیعرەی دامێ و گوتی بۆم بکە ئاهەنگ، شیعرەکە لەسەر شێوازی شیعری نوێیە، ئاهەنگەکەش لەسەر شیعری نوێیە، لەسەر مێلۆدی نوێیە، لەسەر ڕیتم و ئاهەنگی شیعرە نوێیەکەم داناوە، «تۆ دەریامی» نازانم گوێت لێ بووە یان نا.

ڕامان: بەڵێ، گوێم لێ بووە.

عەزیز شاڕۆخ: تەقریبەن لەسەر مێلۆدیی قژکاڵی لێو ئاڵی گوتوومە.

ڕامان: بەشێوەی تانگۆ گوتووتە.

عەزیز شاڕۆخ: تانگۆ تانگۆ تانگۆ، بەڵام ئەوە مەقامە، بە شێوەی ڕیتم نییە، ئاوازە. بە شێوەی ئاواز گوتراوە، ڕیتمی نییە.

ڕامان: تۆ شەش مانگان لەگەڵ سواڕەی ئیلخانیزادە لە زیندان بووی، دوایی کە ئازاد بووی، دۆستایەتیت لەگەڵی چۆن بوو؟

عەزیز شاڕۆخ: دۆستایەتیمان باش بوو.

ڕامان: هیچ بیرەوەری و شتێکتان لە بەیندا هەیە بۆمانی بگێڕییەوە؟

عەزیز شاڕۆخ: وەڵڵاهی ئەو زیاتر لە تاران دەبوو، کەمتر دەهاتەوە ئێرە.

ڕامان: کەوایە کەمتر یەکترتان دەدی.. ئەدی ئەوجارەی ئەو شیعرەی دایەی؟

عەزیز شاڕۆخ: ئەوە ئەوجارە هاتبووە ئێرە، ڕاپۆرتێکیان لە من دابوو کە عەزیز شاڕۆخ لە لابەلای (لە توێی) گۆرانییەکانیدا مەبەستی سیاسی بڵاو دەکاتەوە، تەواوی گۆرانییەکانیان هەڵگرت و کۆیان کردنەوە، ئاغای جەعفەریان، کە جێگری دەنگوڕەنگی تاران بوو، ئەوی بۆ لێکۆڵینەوە ناردبوو، لەبەر ئەوە هات بۆ ئێرە مەسەلەکەی لەسەرم لابرد، ئەڵبەتە بە تۆندی جنێوی بەو کەسانەش دا کە ئەو ڕاپۆرتەیان لە من نووسیبوو.

ڕامان: بێجگە لەو دوو ئەلبوومە باسێکی تازەترین بەرهەم و کارەکانی خۆتمان بۆ بکە، بەرهەمی نوێتان چییە؟

عەزیز شاڕۆخ: لەو دوو ئەلبوومە زیاتر هیچم نییە، یەکێك لە ئاهەنگەکان کە تازەیە، بە شیعری مامۆستا هێدی گوتوومە، «لە قوواڵایی دڵا کەیلی

گوڵندام نازەنینێك بووم/ لە گێژاوی خەیاڵاتا نوقم بووم، بێسەر و شوێن بووم»، لەو مایەیەیدایە، تازەیە، شیعرەکەش هەر هی خۆمە، بەڵام ئەو ئاهەنگەم بە شیعری مامۆستا هێدی گوتووە، بە شیعری خۆم ئاهەنگێکی دیکەم گوتووە.

ڕامان: ئێستا تەمەنت گەیشتووەتە چەند؟

عەزیز شاڕۆخ: من لەدایکبووی ١٩٣٨ی زایینیم، ١٣١٧ی هەتاوی، ئێستا ٧٩ ساڵم.

ڕامان: تەمەندرێژ بی.. تا ئێستا کاری زۆرت کردووە، وەك باست کرد نزیکەی ٤١٠ گۆرانیت هەیە، لە کار و بەرهەمەکانی خۆت ڕازیت؟

عەزیز شاڕۆخ: بەڵێ، جا بەرهەمەکانی خۆم، ئەڵبەتە هەموو شتێك بە پێی وەختە، دەبینی وەختی وایە تۆ بەرهەمێك زەفت دەکەی، بەڵام ئەو بەرهەمە بە دڵی خۆت نایەتە دەرێ، مەسەلەکە لێرەدایە، دەنا بە گشتی دەبێ لە هەموویان ڕازی بم، بە قەولی کابرا دەڵێ، لە شاعیرێکیان پرسی، کێهە شیعرت چاکە؟ گوتی، وەك ئەوە وایە پێم بڵێن کێهە منداڵت لە کێهەیان خۆشتر دەوێت.

ڕامان: بۆ ڕاپەڕاندنی کارە هونەرییەکانت، خێزانەکەت چەند هاوکارت بووە؟

عەزیز شاڕۆخ: خێزانەکەم لە باری هونەرییەوە هاوکارم نەبووە، بەڵام خیزانێکی ئارام و فیداکار بووە بۆ ئەوەی لەگەڵ من زیندەگی کردووە، ناڕەحەتی و عەزاب و ئەوانەی هەمووی لەگەڵ من بە شەراکەت چێشتووە، ئەوە بۆخۆی گەورەترین پشتیوانی و هاوکارییە.

ڕامان: دەتەوێ بڵێی بەبێ پشتیوانی ئەو نەتدەتوانی بەردەوام بیت و ئەو هونەرە پێشکەش بکەی؟

عەزیز شاڕۆخ: بەڵێ، هەمیشە لەگەڵ نەداری و بوون و نەبوونم سازاوە، فیداکارە.

ڕامان: زۆر چاکە، وەك دەڵێن پیر و خەڕۆ بن.

عەزیز شاڕۆخ: پێکەوە پیر بووین.

ڕامان: جوانترین شتێك کە لە فۆلکلۆر سینگ بە سینگ هاتووە بەتایبەتی پاییزەیە، ئەو پاییزەیەم بۆ بڵێ.

عەزیز شاڕۆخ: ئەوە مەقامێکی فۆلکلۆرە، من ئەوەی لە عەلی کەردار فێر بووم، حەیفە پێی بڵێن عەلی کەردار، من پێی دەڵێم عەلی سەردار، ئەو گوتوویەتی، زۆر جوانی گوتووە.

ئای وای وەی وای وەی وای

ئەوە سەدایەکی پیرەپاییزێ لە من دەگەینێ

لە عالەمێ چەندە درەنگە لە کاکی خۆت تازە و سەرلەئەوەڵێ

ئەرێ ئەوە سوێسن دەیگوت بە هەڵاڵێ، هەڵاڵ دەیگوت بە بەیبوونێ

بەیبوون دەیگوت بە گیاخاوێ، گیاخاو دەیگوت بە ڕەشەڕیحانێ

ڕەشەڕیحان دەیگوت بە سوورە گوڵێ

وەرن ئەمە سەرێ خۆ دەڕێنینەوە لە خارێ لە خۆڵێ

خۆ ڕاوەشێنینەوە لە خزمەت بایەکی شەمااڵێ، بارانی دە پیرەپەڵێ

سەرگەردان و دەستبەدامانی ئەوان خەزێمشۆڕانم

جا شتێکیشت پێ بڵێم، ئەگەر پیاو زۆر قسان بکات، دەنگی خراپ دەبێ.

ڕامان: دیارە ژێێەکانی دەنگت هیلاك بووە، ڕاست دەکەی.. باشە تۆ لە نزیکەوە باکووری دەناسی؟

عەزیز شاڕۆخ: (باکووری)م هەر لە دوورەوە دەناسی و ئاهەنگەکانیم گوێ لێ بووبوو، بەڵام نەمدیبوو، ئەوێ ساڵێ کە لە هەولێر وەزارەتی ڕۆشنبیری دەعوەتی کردم، (ئازاد قەرەداغی)م بانگ کرد، گوتم وەرە بمبە ماڵی باکووری، چووینە ماڵی باکووری، دەگەڵ ئاغای باکووری دانیشتین ئەو ئاهەنگانەمان دوو بە دوو گوتووەتەوە، زەفتی کردووە و بە یادگار هەڵیگرتووە، جا نازانم باکووری ماوە، یان نا؟

ڕامان: ماوە و بیرەوەری و زاکیرەیشی زۆر باش کار دەکات، من زۆر برادەری ئەوم و زۆر لێیەوە نزیکم.

عەزیز شاڕوخ: ئەگەر چوونەوە توغوڵا ماچی بکەن.

ڕامان: بەسەرچاو، ئەو پیاوە، پیاوێکی گرینگە.

عەزیز شاڕوخ: ئوستادی عوودە، ئوستادێکی گەورەیە.

ڕامان: هەموو بیرەوەرییەکانی خۆی ساڵ بە ساڵ نووسیوەتەوە، من هیچ هونەرمەندێکی کوردم وەک ئەو نەدیوە کە لە ژیانی خۆیدا ئەوەندە تەکووز و ڕێکوپێك بێ.

عەزیز شاڕوخ: ئەی ئافەرین، بەڵێ مورەتەبە. وەڵڵا چووین دانیشتین زەفتێکی هێنا لەو حەڵقەییەکان، بۆخۆی لێیداوە و دوو بەدوو گوتوومانە، جا من کە لە عەندەلیبی قەڵسم بە خاتری ئەوەیە، من دەمگوت بە نێوی خۆت نەنووسی ئاهەنگساز، مەبەستم ئەوە بوو پێی بڵێم ئەو ئاهەنگانە ئی (باکووری)ن، حەتتا شیعرەکانیشی ئی (باکووری)یە، ئەو ئاهەنگە ئی فڵانە کەسە. ئەو ئاهەنگە بادینانییە، بەڵام ئەو هێناویەتی بە نێوی خۆی نووسیویەتی ئاهەنگساز و سەرپەرست، تۆ چ ئاهەنگێکت بۆ من گوتووە؟

ڕامان: تۆ کەسێکی بێجگە لە هونەر، چاوت لە ناو سیاسەتیش هەڵێناوە، وەک فەرموت لەسەر کۆمەکی شۆڕشی ئەیلوول سێ ساڵ زیندان کراوی، ئێستا لە باشوور ڕێقراندۆم لە گۆڕێیە، ڕێقڕاندۆم ڕاپرسییەکە دەکرێ، میللەت بڵێ من سەربەخۆییم دەوێ، یان ناوێ، تۆ وەك هونەرمەندێك کە سالانێکی زۆر کوردایەتیت کردووە، هونەرت پێشکەشی ئەو میللەتە کردووە، لەو بارەوە چ دەڵێی؟ چ قسەیەکمان ئاراستە دەکەی؟

عەزیز شاڕوخ: من کارم بەو مەسەلەیەوە نییە، چونکە من لێرە دەژیم.

ڕامان: تۆ بە خەونیش و لەسەر کاغەزیش حەز ناکەی کورد سەربەخۆ بێت؟

عەزیز شاڕوخ: قسەیەکم نییە، چونکە من لێرە دەژیم.

ڕامان: دەمەوێ بزانم بە پێی ئەوەی کە تۆ بەدواداچوونت کردووە، وەك هونەرمەندێك پێتوایە سەرەتاکانی گۆرانیی کوردی لە کوێوە دەست پێ دەکات؟

عەزیز شاڕوخ: مەسەلەن چۆن؟

ڕامان: هەندێك هەن دەڵێن گۆرانی کوردی سەرەتا لە ئاتەشگاکانەوە دەست پێ دەکات، بۆ نموونە شێوازی گوتنی هۆرە و ئەوشتانە.

عەزیز شاڕوخ: بۆ مەسەلەی هۆرە، پێموابێ هۆرە دەبێ لە ئاهوورا وەرگیرابێت، ئاهوورا لە کتێبی زەردەشتدا خودا بە نێوی ئاهوورامەزدایە، هۆرە دەڵێن لەوێڕا هاتووە، ئەوە نییە لە کتێبی ئاوێستادا گاتاکان هەیە، سروودن، کە دوعا بەو ئاهەنگە دەخوێنن، پێموایە ڕیشەی لەوێڕا هاتووە، دەتوانم بڵێم کۆنترین میلۆدییە کە دە کوردیدا هەیە.